ئەڤرۆ
Evro
An Independent Newspapot
Issued In Duhok
ڕۆژنامەیەکا سەربەخۆ یا گشتیە، حەفتیانە ل دهوکێ دەردکەڤیت

# ڕێکخراوی کرێکاران ڕۆڵی خۆیان نەدیوە



عەبدولقادر کەلهۆڕ

**لە سەرەتەکانی سالی ٢٠٠٦ کارمەندانی پاکردنەوە لە هەردو نەخوشخانەی رزگاری وکۆماری لە هەولێر هوی لادانیان لەسەر کارەکانیان مانیان گرتبوو، لەیەک لە کەنالە تەلەفزیونی یە نێو خۆییەکان کە چاوپێکەوتنیان لەگەل ئەو کرێکارە مانگرتووانە کردبوو، لە کرێکارەکانی دەپرسی بوچی مانتان گرتووە. داواکاریتان چییە؟**

دیاربوو کرێکارەکە بەو نەخویندەوارییە خوی درکی بە مەترسی ئەو کارە کردبوو دەیگۆت: گوایە پاک کردنەوەی خەستەخانە دراوەتە کەرتی تایبەت و کەرتی تایبەتیش کرێکاری بیانی هێناوە و کاریان پێ دەکات و ئێمە لەسەر کار لادەدات و رەوانەی مالەوەمان دەکەن، وادەزانن ئەو شتێکی هێندە ئاسانە باشە حکۆمەت بیر لەوە ناکەتەوە ئێمە بێ ئیش بین چی دەکەین؟لە دلێ خومدا دەمگوت باشە ئەو کرێکارانە بو ناچن پەنا ببەنە بەر ڕێکخراوێکی کرێکاران دیارە لەو وەلاتە ڕێکخراوێک نییە داکوکی لەمافی کرێکاران بکات.

بەراستی وەلامی ئەو کرێکارە داماوە زور سەرنجی راکێشام هەر بیرم لەئاکامەکانی ئەو کارە دەکردەوە.. سال هات ورۆیی بینم ئەو پروسەیە پەلدەهاوێت و وای لێهات بواری شارەوانیش گرتەوە، دواتر کەرتی بیناسازیشی گرتەوە، دواتر... ئەوانەی هەموو قەیناکا، بەلام ئێستە خەریکە کەرتێکی زور گرنگ دەکرێتەوە و مەترسیی لە هەر هەموو ئەو کەرتانە زیاترە، ئەویش کەرتی گەیاندن و هێلەکانی تەلەفونە.. لەوانەیە هەندێک بلێن بو ئەو کەرتە گرنگە؟ هەقی خوشیانە زور بەسادەیی دەلێم ئەگەر کەرتی گەیاندن و پەیوەندیکردن بکەوێتە دەسست کەرتی تایبەت و کومپانیا بیانییەکان واتە سرو ترمان دەکوێتە دەست خەلکی بیانی و ئەو کاتە هەر چی لە مالی خومان بیلێین خەلکی دیکە دەیزانێت و هیچ شتێکی نهێینیمان نامێنێت و وەکو بزن هینمان دەکەوێتە دەرەوە.

برادەرێکی هندەرانیم بۆی گێرامەوە لە وەلاتانی ئوروپا خەلکی بیانی ناکرێتە کرێکاری پاک کردنەوە لە بەر ئەوە وەکو خەلکی ئەو وەلاتە دلّلی بە خاکەوە نینە و هێندەی کەسێکی ئەوروپایی ئەو خاکەی خۆشناوێت.

رۆژنامەنەوسێکی بەریتانی باسی نەقابەی کرێکارانی بەریتانیای بو کردم، دەیگۆت: یەکەمجار نەقابەی کرێکارانی بریتانیا بە مانەی وشە نەقابەیەکی سەربە خۆیە لە رووی دارایییەوە بە پشت بەستن بە ئابونەی ئەندامی دەولەمەندەوەو یارمەتی حزبی کرێکارانی دەستەلاتدار لە بریتانیا دەدات، داکوکی لەمافی کرێکاران دەکات لە هەر شوێنێک کرێکاران گرفتیان هەبێت نەقابەی کرێکارانی بەریتانیا کە ناوەکە unison بەپیر ئەو کرێکارانەوە دەچێت و داکوکی لە مافەکانیان دەکات.

## سەیرە لەو وەلاتەی ئێمە هەر کار چاوت بە نەقابەی کرێکاران دەکەوێت بێ ئومێدیەک دات دەگرێت

سەیرە لەو وەلاتەی ئێمە هەر کات چاوت بە نەقابەی کرێکاران دەکەوێت بێ ئومێدیەک دات دەگرێت وا هەست لە مافی شوێنێیکی تۆز لێ نیشتووەو ئومێددت نابت ئەو نەقابەیە داکۆکی لەمافی کارێکاران بکات، چونکە ئەگەر لێی وەرد بیەوە بە پێچەوانەی نەقابەی بریتانیەکەیە، چونکە ئەگەر نەقابە سەربەخۆ نەبێت و داکوکی لە مافێ کرێکاران نەکات و گرفتەکانێ چارەسەر نەکات و لە رووی دارایەوە لاواز بێت یا پشت بە لایەنێکی دیکە بەبەستێت دەکەوێتە لیستی نەقامە زەردەکان، نەقابە زەرەدەکانیش ئەو نەقابانەن کە سەربەخۆ نیێن و لە رووی دارایییەوە پشت بەلایەنێکی دیکە دەبەستن و بەپیر داکۆکی کردن لەمافی کرێکارانەوە ناچن.

لەوانەیە بلێن دەرهەق بەنەقابەکانی کوردستان زێدرۆییم کردووە، بەلام ئەگەر وانیە کوانێ نەقابەی کرێکاران کە وەکو گوتن لەو کاتەی کرێکارانی پاک کردنەوە نەخوشخانەی رزگاری لەسەر کارلادان و کرێکاری بیانیان لە شوێندا دامەزرا، کو نەقابەی کرێکاران کاتێک کرێکارانی شارەوانی لە سەر کار لادان و کرێکارای بیانی لە شوێنیان دانران، کوانێ نەقابەی کرێکارانی کاتێک کرێکارانی کارگەی جگەرە رەوانەی مالّەوە کرانەوە کرێکارانی کارگەی رستن و جنێن رەوانەی مالّەوە کرانەوە.

کۆانێ نەقابەی کرێکاران وا کارمەند و کرێکاران بگۆڕەکانی(بەدلّلە) کان رەوانەی مالەوە دەکرێنەوە و کەرتی گەیان و پەیوەندیکرن دەدرێتە کەرتی تایبەت، بۆیە رەوای هەقە بپرسین، ئەرێ ئەو وەلاتە نەقابەی کرێکارای لێیە.